# ئەنیشتاین



SARA CENTER
BookShop - printing - cafe

238 posts · 19.2k followers · 7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF




# ئەنیشتاین

نووسینی: ئاماندا دورینگ
وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئیحسان کەوسەری نیا
لە فارسییەوە: هونەر عوسمان

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ئەنیشتاین

بابەت: ژیاننامە

نووسینی: ئاماندا دورینگ

وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئیحسان کەوسەری نیا

لە فارسییەوە: هونەر عوسمان

قەبارە: ١٣*٢٠، ٢٧ لاپەڕە

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٩

شوێنی چاپ: ناوەندی سارا- سلێمانی

نرخ: ١٠٠٠ دینار

SARA CENTER

ناوەندی سارا

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی- بازاڕی ناوباریك- نهۆمی سێیەم- بەرامبەر کاسۆمۆڵ

# ئەلبێرتی لاو

ئەلبێـرت ئەنیشـتاین لە ١٤ی ئـازاری ١٨٧٩ لە شـاری (ئۆلم)ی ئەڵمانیا هاتۆتە دنیاوە و یەکەمین منداڵی هێرمان و پاولین بـوو. ساڵی ١٨٨٠ خێزانی ئەلبێرت کۆچیانکردووە بـۆ شاری میونیخ، ئەلبێرت منداڵێکی ئارام بوو کە هاوڕێی زۆری نەبوو، وای بەباش دەزانی کە خەون لێکبداتەوە یان یاری بە جورچین بکات، هەروەها چێژی لە دروستکردنی خانوو و باڵەخانە بە کارتی یاری وەردەگرت.



کاتێک کە ئەلبێرت تەمەنی بوو بە پێنج ساڵ، باوکی قیبلەنومایەکی پێدا، کە دواتر لە تەمەنی گەورەییدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەو قیبلەنومایە وانەی گرنگی فێرکردووە.



ئەنیشتاین لە کاتی تێڕامان لە قیبلەنومایەك

لەوەوە فێربوو کە شتەکان دەتوانن بەشێوەی شاراوە کاربکەن.

لەساڵی ١٨٨١ دا خوشکێکی ئەلبێرت بەناوی ماریا لەدایک بوو، کە بە ماهیا بانگیان دەکرد، ئەلبێرت و ماهیا بەدرێژایی ژیانیان زۆر لەیەکەوە نزیک بوون.

هەرچەندە خێزانی ئەلبێرت جوولەکە بوون، بەڵام دایک و باوکی ئەلبێرتیان ناردە قوتابخانەیەکی کاسۆلیکی[1].

ئەلبێرت نمرەی باشی بەدەستهێنا، بەڵام سەختگیریی ماموستاکانی بە دڵ نەبوو، هەروەها ناچارکردن بە لەبەرکردنی وانەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی ناو پۆلی پێخۆش نەبوو.



١- یەکێکە لە مەزهەبەکانی ئایینی مەسیحی.(و)

لەبەرامبەردا، ئەلبێرت پێیخۆشبوو بە پرسیارکردن فێر بێت، بۆیە دەستیکرد بە خوێندنەوە، لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا خۆی فێری زانستی ئەندازیاری کرد، لەساڵی ١٨٩٦ دا قۆناغی ئامادەیی تەواوکرد. لەو کاتەدا، خێزانەکەی کۆچیانکرد بۆ شاری ئاراڤ لە وڵاتی سویسرا.



ئەنیشتاین میوزیکی بەکاردەهێنا
تا یارمەتی بدات لە بیرکردنەوەدا

ئەلبێرت لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەستیکرد بە فێربوونی ئامێری کەمان و تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو.

## زانستخوازی

ئەلبێرت زۆر حەزی بە مامەڵەکردا لەکەڵ ڕووناکیدا بوو، جارێـک لە خەویـدا پێـی وابـوو کە لە کەنـاری تیشـکی ڕووناکییەکدا دەجولێت.

بۆیە هەوڵیدەدا بزانێت ڕووناکی لەڕاستیدا چییە؟، چۆن دەجولێـت؟ بە چ خێراییەک دەجولێـت؟ ئایا شـتێکی دیکە دەتوانێت لە ڕووناکی خێراتر بجووڵێت؟

لە تەمەنـی ١٧ سـاڵیدا چـووە زانکـۆی پـۆلیتەکنیکی سویسـرای فیـدڕاڵ، لـە بـواری بیرکـاری و زانسـتەکاندا دەیخوێند، ئەنیشـتاین حەزی لە فیزیا بـوو، کە ئەم زانستە لە بـواری مـاددە، وزە و ڕوونـاکی دەکـۆڵییەوە. ئەنیشـتاین زۆرجار نەدەڕۆشـتە وانەکانەوە تـا بتوانێـت خـۆی لەبـارەی ڕووناکییەوە بخوێنێتەوە.



ئەنیشتاین بۆماوەی دوو ساڵ بەناونیشانی مامۆستای جێگرەوە کاریکرد.

# هاوسەرگیریی و داهات

لە کۆلێژ، ئەنیشتاین لەگەڵ میلۆڤا ئاشنابوو کە دواتر بوو بە هاوسەری، ئەنیشتاین داهاتی لەڕێگەی وانەوتنەوەوە بەدەستدەهێنا، بەڵام بۆ دەستکەوتنی کار دووچاری گرفت بوو، چونکە دەیویست بەناونیشانی یاریدەدەر لەگەڵ یەکێك لە مامۆستاکانی زانکۆ کاربکات، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ زۆرێک لە مامۆستا باشەکان ناکۆکی و دەمەقاڵێی بووبوو و لەزۆربەی وانەکانیاندا ئامادە نەدەبوو، بۆیە ئەوانیش هیچکامیان پێشنیاری کارکردنیان وەك یاریدەدەر بۆ نەدەکرد، لە بەرامبەردا ئەنیشتاین بەناونیشانی مامۆستای جێگرەوە و مامۆستای تایبەت دەستیکرد بە وتنەوەی وانە بە خوێندکارانی زانکۆ تا لەڕێگەیەوە داهاتێك بەدەستبهێنێت.

ئەنیشتاین و میلۆڤا سێ منداڵیان هەبوو، کچێک بەناوی لیسرێل و دوو کوڕ بەناوەکانی هانس ئەلبێرت و ئیدوارد.

## فەرمانگەی تۆمارکردنی داهێنانەکان

لەساڵی ١٩٠٢ دا ئەنیشتاین کارێکی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی داهێنانەکان لە شاری (بێرن)ی سویسرا دەستکەوت، لە داواکاری تۆمارکردنی داهێنانی کەسەکانی دەکۆڵییەوە تا بزانێت دەتوانن مافی تۆمارکردنی وەربگرن یان نا، مافی تۆمارکردنی داهێنان یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کە بیرۆکەکانیان لە دزین بپارێزن.

لەساڵانی سەرەتادا ئەنیشتاین چاوی بە گرووپێکی بچووک کەوت کە دەربارەی زانست، بیرکاری و فەلسەفە لێکۆڵینەوەیان دەکرد، ئەم گرووپە خۆیان ناونابوو "ئەکادیمیای ئۆڵۆمپیا".


ئەنیشتاین کاری لەسەر داهێنانە
زانستییەکان و بیردۆزەکانی خۆی
دەکرد.

#ساڵێکی سەرسوڕهێنەر

ساڵی ١٩٠٥ بەزۆری بە بەناوی ساڵی سەرسوڕهێنەری ئەنیشتاین ناودەبرێت، لەم ساڵەدا لە زانکۆی زیوریخ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری فیزیادا بەدەستهێنا. گرنگتر لە هەمووشتێك، ئەنیشتاین بیردۆزەکانی دەربارەی ڕووناکی ئاشکراکرد، کە ئەم بیردۆزانە خوێندنی فیزیایان بۆ هەمیشەیی گۆڕی.

پێش ئەنیشتاین، زانایان پێیان وابوو کە ڕووناکی بەشێوەی شەپۆلە، باوەڕیان وابوو کە ڕووناکیش وەك شەپۆلەکانی دەریا دەجووڵێت، بەڵام ئەنیشتاین وتی کە ڕووناکی لە گەردیلەی زۆر بچووك پێکدێت، ئەم گەردیلانە بەشێوەی شەپۆل ناجووڵێن، بەڵکو بەشێوەی سەربەخۆ جووڵەدەکەن.

دەرککردنی ئەم بیرۆکەیە هێندە دژوار بوو کە ٢٠ ساڵ درێژەی کێشا تا کەسانی دیکە قەبووڵی بکەن.


ئەنیشتاین سەری سوڕماوە
لە هێنییەکانی گەردوون

## بیردۆزە مەزنەکان دەربارەی ڕووناکی و گەردوون

هەروەها ئەنیشتاین دەیگوت کە ڕووناکی خێراترین دیاردەی جیهانە، هیچ شتێکی دیکە، تەنانەت کەشتییە ئاسمانییەکان ناتوانن پێی بگەنەوە، چونکە ڕووناکی لە هەر چرکەیەکدا ڕووناکی دەتوانێت دووریەک ببڕێت کە بەنزیکەیی هەشت ئەوەندەی هێڵی یەکسانی گۆی زەوی دەبێت.

هەندێك لەو ئەستێرانەی کە لە زەوییەوە دەبینرێن ملیۆنان ساڵی ڕووناکی لەزەوییەوە دوورن، ئەمەش بەو مانایەی کە ملیۆنان ساڵ درێژە دەکێشێت تا ڕووناکییەکەیان دەگاتە زەوی.

زۆرێك لە زاناکان لە بیردۆزەکانی ئەنیشتاین تێنەدەگەیشتن، بەڵام سەرئەنجام بینییان کە ئەنیشتاین ڕاست دەڵێت، دنیای زانست وردە وردە ڕوویکردە ئەنیشتاین.

ئەنیشتاین کارەکانی وەك مامۆستای زانكۆ درێژەپێدا، هەروەها کورسییەکی خوێندنی لە زانکۆی ئەڵمانیا، لە شاری پراگ کە ئەمڕۆ بەشێکە لە کۆماری چیك، بەدەستهێنا.

لەشاری پراگ ئەنیشتاین و میلۆڤا بەزۆری کاتەکانیان لەگەڵ هونەرمەند و نووسەرە ناودارەکان بەسەردەبرد.

# بیردۆزە مەزنەکان دەربارەی ڕووناکی و گەردوون

هەروەها ئەنیشتاین دەیگوت کە ڕووناکی خێراترین دیاردەی جیهانە، هیچ شتێکی دیکە، تەنانەت کەشتییە ئاسمانییەکان ناتوانن پێی بگەنەوە، چونکە ڕووناکی لە هەر چرکەیەکدا ڕووناکی دەتوانێت دووریيەك ببڕێت کە بەنزیکەیی هەشت ئەوەندەی هێڵی یەکسانی گۆی زەوی دەبێت.

هەندێك لەو ئەستێرانەی کە لە زەوییەوە دەبینرێن ملیۆنان ساڵی ڕووناکی لەزەوییەوە دوورن، ئەمەش بەو مانایەی کە ملیۆنان ساڵ درێژە دەکێشێت تا ڕووناکییەکەیان دەگاتە زەوی.

زۆرێك لە زاناکان لە بیردۆزەکانی ئەنیشتاین تێنەدەگەیشتن، بەڵام سەرئەنجام بینییان کە ئەنیشتاین ڕاست دەڵێت، دنیای زانست وردە وردە ڕوویکردە ئەنیشتاین.

ئەنیشـتاین کارەکـانی وەك مامۆسـتای زانکـۆ درێژەپێـدا، هەروەها کورسییەکی خوێندنی لە زانکۆی ئەڵمانیا، لە شاری پراگ کە ئەمڕۆ بەشێکە لە کۆماری چیك، بەدەستهێنا.

لەشـاری پـراگ ئەنیشـتاین و میلۆڤـا بەزۆری کاتەکانیـان لەگەڵ هونەرمەند و نووسەرە ناودارەکان بەسەردەبرد.

# خۆرگیران

لەساڵی ١٩١٥ دا ئەنیشتاین بیرۆکەیەکی گەورەی خستەڕوو ووتی هێزی ڕاکێشان دەتوانێت ڕێڕەوی ڕووناکی بشکێنێتەوە، هەندێک لە زانایان بڕوایان بە قسەکانی ئەنیشتاین نەدەکرد، بەڵام ئەنیشتاین ئەم بیرۆکەیەی لە کاتی دیاردەی خۆرگیراندا تاقیکردەوە.



خۆرگیران لەساڵی 1919 دا، بیرۆکەکەی ئەنیشتاینی سەلماند

جیهان چاوەڕوانی خۆرگیران بوو تا ساڵی ١٩١٩، لەم ڕووداوەدا لێکۆڵەرێک چەند تاقیکردنەوەیەکی بۆ سەلماندنی بیرۆکەکەی ئەنیشتاین دەربارەی ئەوەی کە هێزی ڕاکێشان ڕێڕەوی ڕووناکی دەچەمێنێتەوە ئەنجامدا، دووبارە ماف بە ئەنیشتاین بوو!

ئەنیشتاین لە سەرانسەری جیهاندا بەناوبانگ بوو، کاتێک کە لە ئەمریکا و ئەوروپادا گەشتی دەکرد، هەزاران کەس دەرۆشتنە دیدەنی.

خۆرگیران کاتێک ڕوودەدات کە زەوی، مانگ و خۆر دەکەونە سەرهێڵێک، بەجۆرێک کە کە مانگ ڕێگردەبێت لە گەیشتنی ڕووناکی بە زەوی ، لەم دیاردەیەدا ئاسمان لە ڕۆژدا تاریک دەبێت.

# هاوسەرگیریی دووبارە و سیاسەت

ئەنیشتاین بوو بە زانایەکی گەورە بەڵام ژیانی هاوبەشی دووچاری گرفت لە ساڵی ١٩١٩ دا لەگەڵ میلۆڤا لێک جیابوونەوە و دواتر لەگەڵ لەگەڵ ئامۆزاکەی کە ناوی ئەلیسا بوو هاوسەرگیریی کرد، ئەنیشتاین کچەکانی ئەلیسا کە ناویانئیلیش و مارگۆت بوو، بە منداڵی خۆی قەبووڵکرد.



ئەنیشـتاین درێـژەی بە کـارەکەی دا لە بـواری فیزیـادا، لەسـاڵی ١٩٢١ دا خەڵاتـی نـۆبڵێ لە فیزیـادا بەدەستهێنا، خەڵکی بیرۆکەکانی ئەنیشـتاینیان دەربـارەی گەردیلەکانی ڕووناکی بە بلیمەت دەزانی.

# کاروباری جیهانی

لەسالّی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا، ئەنیشتاین لەدژی دروستکردنی چەک، جەنگ و سەربازگیریی لێدوانی دەدا، لەهەمان کاتدا، هەندێک کەس جوولەکەکانیان خۆشنەدەویست، لەو ڕووەوە کە ئەنیشتاین جوولەکە بوو، هەندێکیان ستەمکارانە ڕەفتاریان دەکرد، بۆیە ئەنیشتاین دژی ئەم جیاکارییەش دەدوا.



ئەنیشتاین لە کاتی وتاردان
دەربارەی زانست و کاروباری جیهان

ساڵی ١٩٣٣ هیتلەر بوو بە فەرمانڕەوەنی ئەڵمانیا، دەیویست نەژادێکی باشتری حەڵکی بەدیبهێنێت کە جوولەکەی تێدا نەبێت، لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا هیتلەر جوولەکەکانی ناچارکرد کە لە چەند ئۆردوگایەکدا بژین کە لەژێر چاودێری تونددابوو.جولەکەکان لە ئەوروپادا لە ئاسایشدا نەبوون بۆیە ئەنیشتاین و ئالیسا کۆچیانکرد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنیشتاین لەساڵی ١٩٤٠ دا بوو بە هاوڵاتیی ئەمریکی.




ئەنیشتاین و ئێلسا، لەماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا لە ئەمریکا بە ئارامی دەژیان

سـاڵی ١٩٤٥ جەنگـی جیهـانی دووەم کۆتـایی هـات، بەڵام جەنـگ هنـدێک لە بیرۆکەکانی ئەنیشـتاینی دەربـارەی ئاشـتی گۆڕیبـوو، هەسـتی کردبـوو کە دەبێـت ئەڵمانیا بوەسـتێنرێت، بۆیە ئەنیشتاین دژی هەموو جەنگێک بوو.

# میرات

ساڵی ١٩٤٨دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، ساڵی ١٩٥٢ داوا لە ئەنیشتاین کرا کە ببێتە سەرۆکی ئەم دەوڵەتە، بەڵام ئەنیشتاین ڕەتیکردەوە، ئەنیشتاین بەدرێژای ژیانی هەوڵیدا هەندێک لە نهێنییەکانی جیهان ئاشکرا بکات، بۆیە ناوبانگێکی جیهانی پەیداکرد.



تا ئێستاش ئەنیشتاین بە یەکێک لە گەورەترین ئەو زانایانە دادەنرێت کە هاتووەتە دنیاوە.

# چەند ڕاستییەکی سەیر

✓ ئەنیشتاین تا نزیکی تەمەنی سێ ساڵیی توانای قسەکردنی نەبوو، لەکاتێکدا زۆرینەی منداڵان لە دوای تەمەنی یەک ساڵی دەستدەکەن بە قسەکردن.

✓ ئەنیشتاین لە زانکۆدا لە وانەی فیزیادا نمرەی قەبوڵکردنی بەدەستنەهێنا، بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوەبوو کە لە وانەکاندا ئامادە نەدەبوو.

✓ لە یەکەمین وتاری زانستی ئەنیشتایندا لە ساڵی ١٩٠٨ تەنها سێ کەس ئامادەبوون کە هەرسێکیان هاوکارەکانی خۆی بوون.

✓ دوای مردنی مێشکیان لە سەری دەرهێنا تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

✓ ساڵی ٢٠٠٠ گۆڤاری تایم نازناوی پیاوی سەدەی بەخشییە ئەنیشتاین.

# ڕیزبەندی ڕووداوەکان بەپێی کات

❖ ١٨٧٩ ئەلبێرت ئەنیشتایان لە ١٤ ی ئازاردا لە شاری ئۆلم لە دایکبوو.

❖ ١٨٨٥ ئەلبێرت چووە قوتابخانە و دەستیکرد بە فێربوونی ئامێری کەمان.

❖ ١٨٩٠ ئەنیشتاین قوناغی ئامادەیی لە شاری ئاراڤ تەواوکرد.

❖ ١٩٠٠ ئەنیشتاین زانکۆی پۆلیتەکنیکی سویسرای فیدڕاڵی تەواوکرد.

❖ ١٩٠٢ ئەنیشتاین لە فەرمانگەی تۆمارکردنی داهێنان دەستبەکار بوو.

❖ ١٩٠٣ ئەنیشتاین و میلۆڤا هاوسەرگیرییان کرد.

❖ ١٩٠٥ ئەنیشتاین سێ بابەتی گرنگی بڵاوکردەوە کە زانستی فیزیای بۆ هەمیشەیی گۆڕی.

❖ ١٩٠٥ ئەنیشتاین دکتۆرای فیزیای لە زانکۆی زیوریخ بەدەستهێنا.

❖ ١٩٠٩ ئەنیشتاین بوو بە مامۆستای زانکۆی زیوریخ.

- ١٩١٩ زانایـان بیـردۆزەکەی ئەنیشـتاینیان لە ڕووداوێکی خۆرگیراندا تاقیکردەوە و ڕاستی بیردۆزەکەیان سەلماند.
- ١٩١٩ ئەنیشـتاین و میلۆڤـا لێکجیـابوونەوە، و دواتـر ئەنیشتاین لەگەڵ ئێلسا هاوسەرگیریی کرد.
- ١٩٢١ ئەنیشتاین خەڵاتی نۆبڵی لەفیزیادا بەدەستهێنا.
- ١٩٤٠ ئەنیشتاین بوو بە هاووڵاتی ئەمریکا.
- ١٩٥٥ لە ڕۆژی ١٨ ی مـانگی نیسـان ئەنیشـتاین لە شـاری (پرینستۆن)ی ویلایەتی نیوجێرسی کۆچی دواییکرد.



SARA CENTER
BookShop - prenting - cafe

۱۰۰۰ دینار